له كۆشـكی مێرووله‌دا زه‌مه‌ن و خۆشه‌ویستیمان لێده‌دزرێت، به‌بێ ئه‌وه‌ی هه‌ستی پێبكه‌ین!
به‌داخـه‌وه‌، من زۆرجـار ڕه‌شـبینم به‌رانبه‌ر ئه‌و شـته‌ی، كـه‌ پێـی ده‌ڵێیـن فیلم و پیشه‌سـازی سـینه‌مای كوردیـی؛ ئه‌مـه‌ش ڕه‌نگـه‌ پێوه‌ندی بـه‌و بینینـه‌ مته‌وازوعانه‌یه‌ی خۆمـه‌وه‌ هه‌بێ بۆ فیلمـی غه‌یـره‌ كوردیی و جگه‌ له‌وه‌ش لێشـاوی ئه‌و فیلمه‌ بێناوه‌رۆك و سادانه‌ی ڕۆژانه‌ ده‌خرێنه‌ به‌رده‌ممان، كاریگه‌ری خـۆی هه‌یه‌. به‌ڵام كورته‌ فیلمـی (كۆشـكی مێروولـه‌) ئه‌و ڕه‌شـبینییه‌م به‌ته‌واوی ئاوه‌ژوو ده‌كاته‌وه‌ و ده‌یهێنێ، كه‌ پڕ به‌ گه‌رووی خۆت و به‌وپه‌ڕی شانازییه‌وه‌ هاوار بكه‌یت و بڵێیت: ئیمه‌ش خاوه‌نی سینه‌مای خۆمانین.
له‌ ده‌سـپێكی كۆشـكی مێرووله‌دا زه‌مه‌نی بینین ٢٠١٤یـه‌، بـه‌ڵام زه‌مه‌نی ئاكت نادیاره‌. شـوێنی بینیـن بیابانێكی خواروه‌، به‌ڵام شـوێنی ئاكت، ماڵـی خێزانێكی (سـێ كـه‌س)ی به‌ختـه‌وه‌ره‌. (ئیدی ئه‌و ماڵه‌ بیابانه‌، كۆشكه‌، خه‌یاڵه‌.. تاد،)

# هێشتا زه‌مه‌نی ئێمه‌ له‌وێ به‌جێماوه‌.. له‌ بیابان

**خوێندنه‌وه‌یه‌ك بۆ كورته‌فیلمی كۆشكی مێرووله‌***

شكۆ عومه‌ر كاكه‌ڕه‌ش



ANTS
APARTMENT
A FILM BY TOFIQ AMANI
Production by : Garmyan general directorate cultural and the youth
KRG
Support: Abbas Abdol-Razaq -Producer & Production Manager: Zana Hama Garib
Co. Producer: Mali Cinema - Director of photography: Mohammad Rasouli
Set Designer: BaharMoemeni - Editor: LoqmanSokhanvar - MarjanShirazi
Sound Designer: HosseinGhurchian - Dubbing Actor: FarshidGaveli – ShawboSoleimani
Assistant of Director: SoranEbrahim - Assistant of Photographer: Salah Karimi
Assistant of Designer: Kayhan Anwar - Assistant of production manager: Dana Hama Garib
HOME CINEMA

ڕوون نییە.
جەستەی ئەکتەر لەم فیلمەدا وجوودی نییە، بەڵکو ئەوەی، کە تەواوی بیر و هۆشی ئێمە بۆ خۆی جڵەو دەکات، تەنیا بریتییە لە دەنگ، واتە لەگەڵ کەمی وێنەی سینەمایی بینراو لە فیلمەکەدا، زۆرترین پانتایی بە زمان و گێڕانەوە بەخشراوە و ئەوەی، کە دەبینرێت تەنیا بریتین لە بیابان، شوانێک و ڕانەمەڕەکەی، تراکتۆرێک، کەژاوەیەکی بووکگواستنەوە، دواجاریش پرۆسەیەکی هەڵدانەوەی گۆڕێکی بەکۆمەڵ. بەڵکو ئەوەی کە هەیە و دەبینرێت لە ڕێگەی بیر و هۆشەوەیە، بریتییە لە وتوویژی ژن و پیاوێک، کە سەرەتا دوو ئۆتۆمبێل لە دوورەوە دەردەکەون بە هۆڕنلێدان و گۆرانی وتنەوە بە دوای یەکدا دەڕۆن. ژن و پیاوەکە پێیان وایە، کە ئەوە کەژاوەی بووک و زاوایەکە بەلایاندا گوزەر دەکات، دواتر منداڵەکەیان دەگری و پیاوەکە داوای ژێرکردنەوەی لە ژنەکە دەکات. پاشانیش ژنەکە پرسیاری (کات) دەکات و دەیەوێت بزانێ، کە سەعات چەندە، کەچی پیاوەکە سەعاتەکەی لە دەستدا نەماوە، بیریشی نییە، کە چی لێکردووە و بۆ سەعاتەکەی لە دەستیدا نییە! دواتر بە ڕێکەوت پرسیاری ئەڵقەکەی دەستی ژنەکەی دەکات و دەڵێت: کوا ئەڵقەکەت؟ ئەویش بە هەمانشێوە ئەڵقەکەی نەماوە. بە بیری خۆی، هەر لە دەستیدایە، بەڵام کاتێ سەیر دەکات، ئەڵقەکەی نەماوە.
ئەم ونبوونە، دەبێتە خاڵی وەرچەرخانی ڕووداوەکان و بەرزبوونەوەی دراماتیکی ڕووداوی فیلمەکە، تا دەگات بە ترۆپک، بەوەی، کە پیاوەکە تەئکید دەکاتەوە چۆن دەبێت ئەڵقەی هاوسەرگرییەکەی لە دەست نەمابێت و نەشزانێ لە کوێیە! لەم نێوەندەشدا منداڵەکە دەست بە گریان دەکاتەوە، ژن و پیاوەکەش دەبێت بە دەمەقاڵێیان، لەم کاتەدا شوانە عەرەبەکە و ڕانە مەڕەکەی، بە نزیکیاندا تێپەڕ دەبن. پیاوەکە بە ژنەکە دەڵێ شیر بدە بە منداڵەکە با ژێر بێتەوە، ئەویش پێی دەڵێ: (شیری چیی مەگەر نازانی.. تاد،) ناچار ژنەکە دەیەوێت بانگی شوانەکە بکات، تا کەمێک لە شیری مەڕەکانی بۆ

بێنێـی و بیداتە منداڵەکـە و پیاوەکەش بەم هەڵسـوکەوتە وەڕس دەبێـت و ژنەکە بێدەنگ دەکات، ئەوەش لە ترسـی ئاشـکرابوونی شـوێنەکەیان لە لایەن شـوانەکەوە. دواتر بە ژنەکە دەڵێ: (بانگی چی دەکەی، خۆ ئەو لە زمانی ئێمە تێناگات.. تاد.)

شـەو دادێـت و ژنەکـە بە دڵشـکاوییەوە، لای لایە بـۆ منداڵەکەی دەکات. پیاوەکەش لە هەڵسوکەوت و دەمەقاڵێی ئەمڕۆی پەشیمانە و داوای لێبـوردن لـە ژنەکە دەکات. خۆی دەخزێنێتە باوەشـیەوە. ئاشـتی دەکاتەوە و دیمەنێکی ڕۆمانسـی لە زهنی بینەردا دروسـت دەکـەن. بەڵێنـی ئەوەش بە ژنەکەی دەدات، کـە بەیانی بەیەکەوە دەگەڕێن تا هەم سـەعاتەکەی خـۆی و هەمیش ئەڵقەکەی پەنجەی ژنەکـە بدۆزنـەوە، بـەڵام بەیانـی کـە چـاو دەکەنەوە لـە دەنگی لەرینـەوەی زەوییەکە و هاڕەهاڕی شـۆفڵ و حەفارە بەخەبەر دێن، کە خۆشیان نازانن چییە و کێیە هاتووەتە سەریان. دواجار کەسێک هێمایەکی ئاگادارکردنـەوەی قەدەغەکراو لەبەردەمیاندا دەچەقێنێت و ئەمانیش واقوڕماو و بێدەنگ سەیر دەکەن. لەم نێوەندەدا دەنگی چەند کەسـێک دەبیسـترێت، کە بە کوردیی قسە دەکەن، قسەکان و فۆنەتیکـی دەنگـەکان بۆ ژن و پیاوەکە ئاشـنا دەبێت، کە ئەمە زمانـی خۆیانە. بۆیە هەسـت بە دڵنیاییەک دەکـەن. دواتر بۆیان دەردەکەوێت، کە ئەمان ئەنفالکراون و ماوەی بیست و حەوت ساڵە وا لـە ژێـر لمی بیابانەکانەوە چاوەڕوانی ئێمەن، بۆ ئەوەی بچین بە ئارامی لە خەو هەڵیانبستێنین و بیانهێنینەوە.

ژنەکـە ئێسـتا ئیتـر بیـری دەکەوێتـەوە، کـە بۆچـی ئەڵقەکەی لـە پەنجـەدا نەمـاوە، کە ٢٧ سـاڵ لەمەوبەر، کاتـێ ڕەمی کران، سـەربازێکی عێراقـی ئەڵقەکەی لە پەنجـەی دەرهێنا و دزی! بەڵام ئێسـتا ئیتر گرینگی بـە ئەڵقەکەی نادات و بەوپـەڕی تامەزرۆیی، بڕوانەکـردن و شـۆکبوونەوە دەڵێت: (یانـی ئەگەڕێینەوە؟) ئەوان لە ئێمە چاوەڕوانترن بۆ گەڕانەوە بۆ ئامێزی نیشـتمان، ئەمەش بە دیاریکراوی لەو دیالۆگەدا دەردەکەوێت، کە پیاوەکە دەڵێت: (باشە بۆ وا درەنگ؟ ٢٧ ساڵ چاوەڕوانی.. تاد.)

لــەو دیالۆگەوە بینەر هەســت بەو هەمــوو تامەزرۆییيە دەکات، کە لــە ژێیەکانی قۆڕکی ئەو ئەنفالکــراوەوە دەردەچێت؛ تامەزرۆیی بۆ هاتنەوە، بۆ گەڕانەوە بۆ باوەشی نیشتیمان، بۆ هەڵمژینی هەوایەکی نیشــتیمان و بەجێهێشــتنی تەپوتــۆزی بیابانــی نامۆ بــە ڕووح و جەستەیان.

یەکێــک لــە جوانتریــن تەکنینکەکانی کۆشــکی مێروولــە، بریتییە لــە هەڵگێڕانــەوەی ئاســت و مــەودای بینین، کە بە جــددی بینەر لەســەرەتاوە ئیستیفزار دەبێت، تا ئەو ســاتەی دەچێتە نێو دنیای فیلمەکەوە، چونکە تەواوی گۆشــەی کامێرا لەم فیلمەدا، تا دیمەنی پێش کۆتایی، تەنیا دوو گۆشەیە و بەس، ئەوانیش بریتین لە گۆشە نیــگای هــەردوو کارەکتەری نێــو فیلمەکە، بەبێ ئــەوەی ئەوانیش ئاڕاســتەی بینینیان بگۆڕن. واتە چۆن ٢٧ ســاڵ لەمەوبەر ئەو ژن و پیاوە ڕەمی کراون و بەشــێکی جەســتەیان خراوەتە ژێر گڵەوە، هــەر بەو جــۆرە ماونەتەوە، چونکــە لەبنەڕەتدا ئەمــان مردوون و ئەسڵەن تەنیا ئێسکە پەیکەریان ماوەتەوە و ئەوەشی، کە دەدوێ و ئاکت دەکات، تەنیا ڕووحەکانیانە! کامێراش جگە لەوەی ســەرجەم ڕووداوەکانمان لە چــاوی دوو کارەکتەرەکەوە بۆ دەگوازێتەوە، هیچ گۆشەنیگایەکی ترمان پێشان نادات.

بۆیە بەڕای من ئەم تەکنیکەی دەرهێنەر پشکی شێری سەرکەوتوویی فیلمەکــەی بەردەکەوێــت، چونکــە لەســەرەتاوە ئالۆزییەکی وەها دەخولقێنێت، کە بینەر تووشــی سەرلێشــێوانێک دەبێت و ئەسڵەن ناتوانــێ تەگبیرێکــی گونجــاو بــۆ پابەندبوونــی بــەو گۆشــە نیگا دیاریکراوانــە بدۆزێتەوە، تا لە کۆتایی فیلمەکەدا بۆی دەردەکەوێ، کــە دەرهێنەر چەنــد زیرەکانە کاری لەســەر، چ تەکنیکێکی نایاب کردووە!

وتوێــژ و دیالــۆگ، بــە هەمانشــێوە یەکێکی دیکەیە لــە کۆدەکانی ســەرکەوتنی (کۆشــکی مێروولە) بەوەی، کە دەرهێنەر زۆر ورد و بەســەلیقەوە کاری لەسەر دانان و هەڵبژاردنی دیالۆگەکان کردووە.

لە (کۆشــکی مێروولە)دا هەر دیالۆگێک بۆ خۆی، هەڵگری چەندین

کۆد و مەغزایە.
هەڵبژاردنی بابەت و کارکردن لەسەری بەو شێوەیە لە لایەن دەرهێنەر تۆفیق ئەمانییەوە، بەڕای من، کۆدی سەرکەوتنی فیلمەکەیە، بەوەی ئەم نەهاتووە، وەک ئەو کارانەی کە لەسەر ئەنفال بەرهەمهێنراون، ئیڤایەکی عەسکەریی، ژمارەیەک پیرەژنی داماوی پاشماوەی ئەنفال، سەگەڕەشــەکەی نوگرەســەلمان و چی و چی بهێنێت و دووبارە بە ســواوی کاریان لەســەر بکات، نــا بەڵکو (ئەمانی) هاتــووە تەنیا خانەوادەیەکی بچووکی سێ کەسیی (ژن، پیاو، منداڵ)ی وەرگرتووە و لەســەر ڕووداوگەلی زۆر ســادەی ڕۆژانەی نێــوان ئەو خانەوادەیە کاری کردووە. لە کۆتاییشدا پێیوتین: کە دەکرێت لەسەر شتە زۆر بچووک و سادەکان، بەرهەمی شاکار بهێنینە ئاراوە.
بەڵام ئەوەی کە بۆ من مایەی پرسیاری جددی و هەڵوەستە کردنە، شــێوەزاری هەردوو کارەکتەرەکەیە، کە بەشــێوەزاری سنەیی، یان ڕوونتر بڵێین: ڕۆژهەڵاتی دەدوێن، کە هەرچەندە خۆیلەخۆیدا بەهۆی شــیرینی شــێوەزارەکەوە جوانــی و چێژێکی تایبەتی بــە فیلمەکە بەخشــیوە، بەڵام لێرەدا تووشــی ئیشکالییەتی ئەوە دەبینەوە، ئایا گەرمیانییەکــی ئەنفالکــراو بۆ دەبێت بە شــێوەزاری ســنەیی، یان ڕۆژهەڵاتی بدوێت؟! ئایا ئەمە تەنیا تەکنیکێکی دەرهێنەر خۆیەتی بۆ فیلمەکە؟ یاخود دەیەوێت لەڕێی ئەنفالەوە شێوەزارەکان تێپەڕێنێت و بڵێــت: ئەنفال ئاگرێکە و وا لە دڵی هەموو کوردێکە، بە جیاوازی شــێوەزار، تەمەن و ڕەگەزەوە؟ بەڕاستی هاودژییەک لەلای دروست بووە، لەم بارەیەوە.
خاڵێکی تری جێی پرســیار بــۆ من، ناونیشــانی کورتە فیلمەکەیە (کۆشــکی مێروولــە) بــۆ؟ چ پێوەندییــەک هەیــە لــە نێــوان (ئەنفال)، (کۆشــک) و (مێروولە)دا؟ ئایا مێروولەش بەشــدارە لە ئەنفالکردنی کورددا؟ ئایا ئەم ناونیشــانە پێوەندی هەیە بە بینینی کارەکتەرەکانــەوە، کە مێروولــە پانتاییەکی فراوانی بینینی ئەوانی داگیرکردووە؟ یاخود مەبەســتی کەللەسەری ئەنفالکراوانە، کە بووە بە کۆشک بۆ مێروولەکانی بیابان؟

دواجار موتەئەسیفانە زۆر دەگمەنن ئەو بەرهەمە هونەرییە و ئەدەبیانەی دنیای ئێمە، کە توانیویانە ئێستاتیکانە کار لەسەر مەرگەساتەکانی گەلی خۆمان بکەن، زۆربەی کارەکان هێندە سادە و بێناوەرۆکن، کە بەڕای من، نێگەتیڤانە کاریگەریی لەسەر مەرگەساتەکە هەبووە، بەڵام خۆشبەختانە کورتە فیلمی (کۆشکی مێرووله) لە گۆشەنیگایەکی زۆر ورد و قووڵەوە، لەسەر مەرگەساتی ئەنفال بەرهەمهێنراوەتەوە. دەتوانرێ لە ڕێگەیەوە بە بیانییەک بوترێت: ئەمەیە ئەنفال، کە بەسەر کورددا هاتووە! بەڕای من، لە ئەدەبدا ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی بەختیار عەلی و لە سینەماشدا کورتە فیلمی (کۆشکی مێرووله) ئەو دوو بەرهەمەن، کە زۆر بە وردی و ئاگاییەوە، کاریان لەسەر ئەنفال کردووە. هەق وایە هەر نووسەر و هونەرمەندێک، کە بیەوێت کار لەسەر ئەو مەرگەساتە گەورەیە بکات، بەر لە هەموو شتێک، هەم ڕۆمانەکە بخوێنێتەوە و هەم سەیرێکی فیلمەکەش بکات. بۆ ئەوەی ئەگەر زانی ناتوانێ ئەو دوو بەرهەمە تێبپەڕێنێت، لەوان جوانتر و ئێستاتیکیتر، کار لەسەر ئەنفال بکات، ئەوا نەیکات باشترە.

ئێستا ئیدی ئەگەر بیانییەکی هاوڕێم، پرسیاری فیلمی کوردییم لێبکات، دەتوانم بەشانازییەوە پێشنیاری بینینی چەند فیلمێکی کوردیی بۆ بکەم، کە یەکەمیان (کۆشکی مێرووله)یە.

---

**پەراوێز:**

* کورتەفیلمی کۆشکی مێرووله، بەرهەمی ماڵی سینەمایە و ساڵی ٢٠١٤ لە کوردستان بەرهەمهێنراوە. تۆفیق ئەمانی کاری نووسین و دەرهێنانی بۆ کردووە.